**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**
**ژمارە: ٨٤٤٣ لە ٢٠٢٣/٧/١٨**

**بەیان**

پاڵپشت بەماددەی دەیەم (١٠) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو ، و لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هە رێمی کوردستان بە نووسراویان ژمارە (١١٤٢) لە ٢٠٢٣/٧/١٧ ، بڕیاردرا بە

١- بەرزکردنەوەی پلەی سەرۆکایەتی شارەوانی کفری لەشارەوانی پلە **(دوو)** بۆ شارەوانی پلە **(یەک)** .
٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

---

**وەزارەتی کارەبا**
**ژمارە: ٥٦١٢ لە ٢٠٢٣/٧/٢٣**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٨)ی یاسای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ و یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ی هەموارکراو ، لەبەر بوونی هەڵەی چاپ لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی و مەرجەکانی پێدانی ووزەی کارەبا ، بۆیە بەپێویست زانرا ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :

- **نرخی کارەبا کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوون (High cost)بە (١٥٦) دینار بۆ هە ر یەک کیلۆوات /کاتژمێر (kwh)**
- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١ کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**ئەندازیار**
**کمال محمد صالح**
**وەزیری کارەبا**